# بەر لەمردن

2006/2/28

بەر لەوەی بمرم
لە نێو ڕەنگە مانا هەقفیەتەکانی عەشق
بۆ تۆ ئەژیم
لە نێو باخچە میهرەبانەکانی ڕۆح
ساتێکی فیردەوسی بخوری نێرگزێکی هەمیشەیی
دائەگیرسێنم
بەر لەمردن
لە خانەقای دووچاوانت
لە زکردام
بۆ ئەو لێوانەت
ئەو لێوانەی
شۆخترن لە خوناوی سەر پەلکە گیایەك
جوانترن
لە بریق و شەوقی ئەستێرەیەك
لە عومری بەهارێکی یاسەمینی
ناسکترن
لە ئێوارە ژوانی پەپوولەکان
شەنگترن
لەو گوڵە شیعریانەی لە سپێدەیەك
لە نێو کانیاوی هەناسەکانی عەشق هەڵدەقوڵێن
ئەو لێوانەی
کە هەموو بەیانیەك بۆم ئەدوێن